# هەواڵــەکانی کوردستان

## ئێعدام کردنی کەسێك لە زیندانی سنە

بەرەبەیانی رۆژی پێنجشەممە 20ی پووشپەڕ، کەسێك بە ناوی ئەحمەد خلج لە زیندانی سنە بە تاوانی کڕین و فرۆشتنی مەوادی موخەدیر لە سێدارە درا.

ناوبراو کاتێك هەست دەکا ئێعدامی دەکەن لە خۆی دەدا و بە توندی بریندار دەبێ و ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ، بەڵام بێ گوێ دان بە بریندار بوونی لە دوای گەرانەوەی لە نەخۆشخانە حوکمی ئێعدامی بەرێوە دەبەن.

***

## رۆژنامە نووسێکی کورد گیرا

بە پێی هەواڵی هەواڵدەری موکوریان، بەیانی رۆژی چوارشەممە 13ی پووشپەڕ سدیق مینایی رۆژنامەنووس و هاوکاری حەوتوونامەی ڕاگیراوی ئاسۆ، لە کاتی چوون بۆ لقی چواری لێپرسینەوەی دادگوستەری سنە گیرا.

تاوانی مینایی پروپاگەندە دژ بە رژیم و هاوکاری بڵاوکراوەکانی نەیاری رژیم و... ڕاگەیێندراوە.

شایانی باسە سدیق مینایی پێشتریش بە تاوانی بڵاوکراوەی هەواڵی ناراست بە دانی دوو ملوێن تمەن مەحکوم کرا بوو کە لە دادگای پێداچوونەوەی کرا بە دوو ساڵ زیندان.

***

## کەسێکی سنەیی لە سنووری یونان کوژرا

بە پێی هەواڵی گەیشتوو، لە ماوەی ڕابردوودا کەسێکی خەڵکی شاری سنە بە ناوی ئەشرەف ا...وەیسی 42 ساڵە، ویستوویەتی کە بە ڕێگەی قاچاخ خۆی بە وەڵاتی سێهەم بگەیێنێ، دەکەوێتە بەر دەستڕێژی سەربازانی یونانی و گیان دەدا.

شایانی باسە ناوبراو ماوەی 7 ساڵە لە تورکیا بووە قەبووڵی هەبووە بەڵام بەرێ نەکراوە، هەر ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە بۆ خۆی هەوڵ بدا لە ڕێگەی قاچاخ خۆی دەرباز بکا.

***

## گیرانی هەڵسووڕاوێکی مەدەنی لە دێگولان

هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیمی ئێران هەڵسووڕاوێکی مەدەنی خەڵکی دێگولان بە ناوی ئیسماعیل حسەین پەناهی یان گرت.

تا ئێستا هۆی گیرانی ناوبراو ڕانەگەیێندراوە و دیار نیە لە کوێ زیندانی کراوە و هەوڵەکانی خانەوادەکەی بۆ زانیاری لە سەر چارەنووسی بێ ئاکام ماوەتەوە.

شایانی باسە یەکێکی دیکە لە هەڵسووڕاوانی مەدەنی خەڵکی دیگولان بە ناوی ئەنوەر حسەن پەناهی یش زیاتر لە ساڵێکە کە گیراوە.

***

## شکەنجەی لاوێکی کورد لەزیندانەکانی رژیم

بە پێی هەواڵی گەیشتوو، رۆژی یەکشەممە 16ی پووشپەڕی 1387 لاوێك بەناوی رەزا مینبەری کوڕی عەتا خەڵکی نایسەری شاری سنە، ماوەی 9 مانگە لەزیندانی هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیمی ئاخوندی دایە و بە توندی شکەنجە کراوە. شایانی باسە بە هۆی زۆری شکەنجەوە دەستی چەپی شکاوە و رومەتی بە قورسی بریندار بووە. رەزا مینبەری بەتاوانی هاوکاری لەگەڵ یەکێك لەحیزبە کوردییەکان گیراوە و تا ئێستا حوکم نەدراوە.

***

## دەرکردنی حوکمی زیندان بۆ هەڵسووڕاوێکی کورد

بە پێی هەواڵی هەواڵدەری موکوریان، دادگای رژیم لە سنە هاووەڵاتیێکی کوردی بە ناوی ئازاد پندار، بە زیندان مەحکوم کرد.

ناوبراو کە ئێستا نزیك بە 5 مانگە بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ هێزێکی سیاسیی کوردستان زیندانیە لەلایەن دادگای رژیمەوە بە 9 مانگ زیندان و 5 ساڵ زیندانی هەڵپەسێراو مەحکوم کراوە.

شایانی باسە ئازاد پندار ئێستا لە زیندانی ناوەندی شاری سنەدایە.

***

## کوژرانی گوماناوی کەسێك لە مەهاباد

بە پێی هەواڵ چەند رۆژ لەوە پێش کەسێك بە ناوی سیروان هیمەت پوور کوڕی محەممەد 32 ساڵە، لە گومرك لە مەهاباد کوژراوە و دوایی تەرمەکەی لە ووسووکەند فڕێ دراوە.

هەر چەند هۆی کوژرانی سیروان هیمەت پوور بە تەواوی نەدۆزراوەتەوە بەڵام ماوەیێکە هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیم بە شێوەی جۆراوجۆر لاوان دەدەنە بەر ئازار و هێندێك جاریش دەیان کوژن.

***

## چارەنووسی زیندانییێکی کامیارانی دیار نیە

بە پێی هەواڵی هەواڵدەری موکوریان، چارەنووس و شوێنی ڕاگرتنی زیندانییێکی کامیارانی کە ناوی شەمس الە شادیە دیار نیە.

شەمس الە شادی کە 6 مانگ دەبێ لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیم بە تاوانی هاوکاری کردنی یەکێك لە هێزە سیاسیەکانی نەیاری رژیمی ئاخوندی گیراوە و چەند رۆژێك دەبێ گواستراوەتە بۆ شوێنێکی نادیار و لە چارەنووسی هیچ هەواڵێك نیە.

خانەوادەی ناوبراو لەوەی کە نەیانتوانیوە هەواڵێك لە چارەنووسی کوڕەکەیان بە دەست بێنن نیگەرانن.

***

## زەینەب بایزیدی لە مەهاباد گیرا

سەر لە بەیانی رۆژی چوارشەممە 19ی پووشپەڕ، زێنەب بایزیدی ئەندامی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیمی ئێرانەوە گیرا و بۆ شوێنێکی نادیار براوە. بە پێی هەواڵی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، زێنەب بایەزیدی لە دوای ئەوەی چەند جار بانگ کراوە بۆ ئیتلاعات و لێکۆڵینەوەی زۆر لە سەری، رۆژی چوار شەممە لە دوای چەند سەعات لێکۆڵینەوە گیراوە و بۆ شوێنێکی نادیار براوە.

شایانی باسە پێشتر زێنەب بایەزیدی بە تاوانی بڵاو کراوەی ناڕاست و هەڵسووڕان دژ بە رژیمی ئاخوندی و بەزاندنی سنوور بە شێوەی ناقانوونی بە 6 مانگ زیندانی هەڵپەسێراو و لە دوای دوبارە بوونەوە بۆ ماوەی 4 ساڵ زیندان و تەبعید بۆ زیندانی مەراغە مەحکوم کراوە.

## 4 کەسی کورد لە ماکوو زیندانی کران

دادگای رژیم لە شاری ماکو 4 هاووەڵاتی کورد بە ناوەکانی یوسف ئاهەنگ خوش، حەسەن چیلان، محەممەد عومەرپوور و سەعید ئەهوزیان بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ یەکێك لە هێزە سیاسیەکانی کوردستان، بە سێ ساڵ زیندان مەحکوم کرد.

شایانی باسە سەعید ئەهوز، حەسەن چیلان و محەممەد عومەرپوور کە ئێستا لە زینداندان پێشتر بە تاوانی کوشتی

## ووریایی وەزیرانی دەرەوەی تاقمی هەشت بە رژیمی ئێران

وەزیرانی دەرەوەی 8 وەڵاتی پیشەیی جیهان، ناسراو بە جی 8 ، رۆژی هەینی 7ی پووشپەڕ لە یەکەم رۆژی کۆبوونەوەکانی خۆیان لە شاری کیوتۆی ژاپن، لەگەڵ پێشوازی لە پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی کورەی باکوور لە بارەی گەڵاڵە ناوکەییەکانی خۆیەوە، داوایان لە رژیمی ئێران کرد کە پیتاندنی ئورانیوم ڕاگرێ و لە بارەی بەرنامەی ناوکەیی خۆیەوە بەرپرسانەتر هەنگاو هەڵگرێ.

بەشدار بووانی ئەو کۆبوونەوە دوو رۆژە، بەردەوام بوون لە سەر سیاسەتی ووتوویژ و فشار یان بە پێویست زانی تا بەو شێوە رژیمی ئێران مەجبور بکەن کە واز بێنێ لە پێتاندنی ئورانیوم.

نوێنەرانی جی 8 هەروەها دوای ئەو کۆبوونەوەیە ڕاگەیێندراوێکیان بڵاو کردەوە کە بەشێکی پێوەندی بە گەڵاڵە ناوکەییەکانی رژیمی ئێرانەوە هەیە.

لەو راگەیێندراوەدا هاتووە، ئێمە بە رژیمی ئێران ووریایی دەدەین کە دەوری باشتر لە ناوچەکەدا بگێڕێ بەتایبەت لە بارەی ڕێگە چارەی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فلستینیەکاندا و هاوکاری بکا بە هێمنی لە ئەفغانستان و عێراقدا.

## یەکیەتی ئوروپا داوای ڕاگرتنی ئێعدامی لاوانی لە ئێران کرد

رۆژی هەینی 7ی پووشپەڕ یەکیەتی ئوروپا سەبارەت بە چارەنووسی سەلاح تاسە، کە لاوێکی سنەییە و تاوانبار کراوە کە لە 15 ساڵیدا کەسێکی کوشتووە، نیگەرانی دەربڕیوە.

بە پێی هەوالەکان، سەلاح تاسە، تاوانبار کراوە کە لە تەمەنی 15 ساڵی دا کەسێکی کوشتووە، حەوتووی ڕابردوو دوای گەیشتنی بە تەمەنی 18 ساڵی، بۆ بەرێوەبردنی حوکمی ئێعدام گواستراوەتەوە بۆ زیندانی ناوەندی سنە.

ئەسلوانی، سەرۆکی کاتیی یەکیەتی ئوروپا، لە ڕاگەیێندراوێکدا ڕایگەیاندوە: سەرۆکایەتی یەکیەتی ئوروپا پڕ بە دڵ بەداخە بۆ بەرێوەبردنی پێشوەختی حوکمی ئێعدامی لاوان. یەکیەتی ئوروپا داوای لە رژیمی ئێران کردوە کە بە بێ وەستان حوکمی ئێعدامی سەلاح تاسە و باقی لاوانی ژێر 18 ساڵ تەمەن، ڕاگرێ.

یەکیەتی ئوروپا لەو ڕاگەیێندراوەی خۆیدا هەروا داوای ڕاگرتنی حوکمی ئێعدامی بێهنود شوجاعی، محەممەد فیدایی، سەعید جزی و بێهنام زارعی و ئەبوومسلم سوهرابی کردوە.

## ئوباما: رژیمی ئێران مەترسییێکی گەورەیە

سەناتۆر ئوباما پاڵێوراوی حیزبی دیموکرات بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری ئەمریکا، رۆژی چوارشەممە لە ووتوویژ لەگەڵ تلویزیونی ئەمریکایی ئەی بی سی رژیمی ئاخوندی وەك مەترسیێکی گەورە ناوهێناو کە دەبێ لە ڕێگەی دیپلوماسی راستە و خۆ و فشاری زۆر وای لێبکەن کە هەڵسوکەوتی بگۆڕێ. ئوباما گوتی تاقیکردنەوە مووشەکیەکانی رژیم نیشانی دا کە دەبێ هەم ئابڵۆقەکان لە دژی رژیم زیاد بکرێ هەم ئیمتیازەکان.

## ئەمریکا داوای لە رژیم کرد تاقی کردنەوەی مووشەکی خۆی ڕاگرێ

وەزارەتی دیفاعی ئەمریکا داوای لە رژیمی ئێران کردوە کە تاقیکردنەوەی مووشەکەکانی ڕاگرێ. وەزارەتی دیفاعی ئەمریکا لە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە تاقیکردنەوەی مووشەکی رژیمی ئێران هەواڵی دا. وەزیرەکانی دەرەوە و دیفاعی ئەمریکا تاقی کردنەوەی موشەکی رژیم لە رۆژی چوارشەممە 19ی پووشپەردا، بە هۆی دانانی بنکەی دیفاعی موشەکی ئەمریکا لە خاکی ئوروپایان زانی. سپای پاسدارانی رژیم رۆژی چوار شەممە 19ی پووشپەر هەواڵی تاقی کردنەوەی مووشەکێکی دوورهاوێژی دا.

## ووتووویێژی نهێنی ئیسرائیل لەگەڵ ئەنجومەنی داوەرانی ناوەندی ووزە

رۆژنامەی ئیسرائیلی هارتس، لە ئاخرین ژمارەی خۆیدا باس لە دیدار و ووتوویژ لە نێوان سەرۆکی گشتی وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل لەگەڵ نوێنەرانی وەڵاتانی ئەندام لە ئەنجومەنی داوەرانی ناوەندی وزەی ناوکەیی دەکا و وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیلیش ئەو هەواڵەی تائید کردوە.

بەو پێی نووسراوەی ئەو رۆژنامە، ئەو چاوپێکەوتنە رۆژی چوار شەممە 5ی پووشپەڕ رووی داوە و ئاهارون ئابراموویچ سکرتێری گشتی وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل داوای لە نوێنەرانی وەڵاتانی ئەندام لە ئەنجومەنی داوەرانی ناوەندی وزەی ناوکەیی کردوە کە لە بەدواداچوونی پەروەندەی رژیمی ئێراندا لێبڕاوانەتر کار بکەن تا کات تێ پەڕێ و ڕێگەی گەڕانەوەی نەمێنێ.

شایانی باسە نوێنەرانی هەمیشەیی وەڵاتانی چین، ژاپن، فەرانسە و بریتانیا لەو چاوپێکەوتنە نهێنیەدا بەشدار بوون و ئەو چاوپێکەوتنە لە شاری ویەن و لە بنکەی ناوەندی نێونەتەوەیی ووەزی ناوکەیی بەرێوە چووە.

## سازمانەکانی مافی مرۆڤ داوا دەکەن ئێعدامی مێر منداڵان لە ئێران ڕاگیرێ

زیاتر لە20 سازمانی مافی مرۆڤ یەك لەوان لێبوردنی نێو نەتەوەیی ڕۆژی شەممە 2008/7/9 جارێکی دیکە داوایان لە ڕژیمی ئاخوندی کرد ئێعدامی مێر منداڵان ڕابگرێت.

بەپێی زانیاری ئەو ڕێکخراوە، بەشی دادوەری ڕژیم حوکمی ئێعدامی بۆ چوار کەسی ژێر 18 بەناوەکانی: بهنود شوجاعی، محمد فیدای، سەلاحی تاسە و سەعیدی جزی دەرکردوە. ئەم کەسانە ئێستا گیانیان لە مەترسیدایە.

سازمانی لێبوردنی نێو نەتەوەیی لەپاڵ 24 سازمانی جیهانی و ناوچەیی پارێزەری مافی مرۆڤ، داوای لە ڕژیم کردوە پێبەندی بەڵێنە نێو نەتەوەییەکانی بێ و ئێعدامی ئەوچوار لاوە و تەواوی تاوانبارانی ژێر 18 ساڵ هەڵوەشێتەوە. ڕژیمی ئاخوندی لەساڵی 1370 کونوانسیۆنی نێو نەتەوەیی مافی منداڵانی واژوو کردوە. بەپێی مادەی 37ی ئەو کونواسیۆنە ئێعدام کردنی کەسانی ژێر 18 ساڵ بەتوندی قەدەغەیە. عەرەبستانی سعودی و یەمەن لەو وەڵاتانەن کە تاوانبارانی ژێر 18 ساڵ ئێعدام دەکەن.

کونواسیۆنی نێو نەتەوەیی مافی منداڵان کە لەساڵی 1924ی میلادی لە ژنو پەسەند کرا، لەساڵی 1959 لەلایەن کۆمەڵەی گشتی سازمانی نێو نەتەوەیی بۆ لەبەرچاو گرتنی مافی منداڵان لە سەرانسەری جیهان بەفەرمی ناسێندرا. لە ئێران لەگەڵ ئەوەی کە ئەو بەڵێننامە، مەجلیس پەسەندی کرد، ڕژیمی ئاخوندی پێ بەندی نەبووە و درێژە بە ئێعدامی مێر منداڵان ئەدات.

بەپێی زانیاری سازمانە تێکۆشەرەکانی مافی مرۆڤ، تائێستا 140 تاوانباری منداڵ کە لەئێران چاوەڕێی مردنن، ناسێندراوون. سازمانەکانی مافی مرۆڤ باوەڕیان وایە کە ئەو ژمارە زیاترە بەهۆی ئەوە کە زۆرێك لە حوکمەکان ناگەنە دەست پارێزەرانی مافی مرۆڤ. یەکێك لەو بابەتانە ئێعدامی مێر منداڵێك بەناوی محمد حسن زادە لەشاری سنە بوو. محمد مستەفایی پارێزەری ئەو مێر منداڵە بەدانی بەڵگە لەسەر محمد حسن زادە، بە سازمانەکانی پارێزەری مافی مرۆڤی سەلماند کە محمد 16 ساڵ بووە. کونواسیۆنی نێو نەتەوەیی مافی منداڵان، بەڵێننامەییکە کە ئەندامانی خۆی پێبەند بە لەبەرچاو گرتنی مافی منداڵان و مێر منداڵان دەکا کە بەهۆی کامڵ نەبوونی جەستەیی و ڕەوانی، پێویستیان بە پشتیوانی یاسایی هەیە.